ڕاگەیاندنی ژمارە 30

# ئازادیخوازان!

**بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەم حوكمە نامرۆیە و ئازادكردنی د.كەمال، لە گەڵمان بن!**

ئەمرۆ 26/3/ 2006 د.كەمال سەید قادر لەلایەن دادگای هەولێری پارتی دیموكراتی كوردستانەوە، بە پێی یاسای سزادانی ڕژێمی لە گۆڕنراوی بەعس بڕیاری ساڵ و نیوێك زیندانی بەسەردا سە پێنرا.

بێگومان ڕفاندن و شوێن بزركردن، پاشان راپێچی زیندانكردن و بەدوای ئەویشدا بڕیاری 30 ساڵ زیندانی بەسەریدا، لەگەڵ نەشیاوترین مامەڵەی نامرۆیدا كە لە 4 مانگی رابردوودا بەرامبەر بە دكتۆر كەمال كراوە، هەموویان نیشاندەدەن كە دەسەلاتی پارتی دیموكراتی كوردستان خاڵی یە لەهەر چەشنە پرانسیب و پێوانەیەكی مۆدیرن و ئینسانی، وە بەدەستەوەگرتنی یاساكانی بەعس و بەكاربردنیان تا ئێستا لە بەناو دادگاكانی كوردستاندا، بەسە بۆ نیشاندانی مانەوەی بەعس لەكوردستاندا.

ئێمە لە كاتێكدا، كە چ دادگاییكردنەكەو چ بڕیاری زیندانی كردنی د.كەمال سەید قادر بە ساڵ و نیوێك، بە نایاسایی و بەگەورەترین ناحەقی لەقەڵەمئەدەین بەرامبەر بە ئازادی سیاسی و ئازادی رادەربڕین لە كوردستاندا، هاوكات داوا لەبەرەی پێشكەوتنخوازو ئینساندۆست دەكەین كە لەبەرامبەر بەو بڕیارەی دادگای پارتیدا بێدەنگ نەبن و هەموو هەوڵێكی خۆیان بخەنە گەر بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەم بڕیارەو ئازادكردنی بێقەیدو بەندی دكتۆر كەمال سەیدقادر بە قەرەبووكردنەوەی زیانە مادی و مەعنەویەكانیەوە.

ئێمە وەكو كەمپەینی ئازادی بۆ د. كەمال سەید قادر، هەموو تواناكانی خۆمان لەهەموو ئاست و زەمینەیەكدا دەخەینەگەر لە پێناو هەڵوەشاندنەوەی ئەم حوكمە نامرۆیە و ئازادكردنی د.كەمالدا، لەو ڕێگایەدا دەستی هەر كەس و لایەن و ڕێكخراوێكی پێشكەوتنخوازو لە ناوخۆ و دەرەوەی كوردستاندا بەگەرمی دەگوشین كەوەك هەمیشە لەم تێكۆشانە ڕەوایەدا لەگەڵمان بن.

**كەمپەینی ئازادی بۆ د. كەمال سەید قادر**

**كۆمیتەی سەرپەرشتیكار**

**2006-3-26**